www.kurdistannet.org
26-11-2006 7:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بەنزینخانەی گەرمیان لە چەمچەماڵ چۆن خۆێنی میلەت حە پە لووش دەکات؟!! ... هەردی گەرمیانی

(بەشی یەکەمی)

سیناریۆی هەڵماڵینی لاپەڕەی گەندەڵیەکان

ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان و چینەکانی ئەم وڵاتە هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەی یەکێتی بەو پەڕی سلبیات سەیری دەرئەنجامەکانی دەکەن و ژمارەیەکیش لەچینی ڕۆشنبیران گەشبینن بەوەی ئەم هەڵبژاردنە پەردەی لەسەر کۆمەڵی بابەتی گرنگ هەڵماڵی کە تا دوێنی تەنها لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە مساوەمەی لەسەر دەکرا و هەر جارە و بە بڕیارێکی کارتۆنی ئەم گەلە ستەم دیدەیە دەفرۆشراو مامەڵی بازرگانی پێوە دەکرا، ئەمڕۆش سەرجەم ئەو پاڵەوانیەتیەی نێو مەکتەب سیاسی بۆتە باس و خواس و حیکایەتی شەقامەکانی ئەم وڵاتە و بەتەواوەتی ڕون بۆتەوە بۆ هەموو هاوڵاتیان کە ئەم دەسەڵاتە سەر لەبەر گەندەڵی خواردویەتی و یەکێتیش لەم گەندەڵیەدا پشکی شێری بەردەکەوی و تەنانەت خۆشیان ناتوانن ئەم واقیعە دەستکاری پێبکەن و هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەش زیاتر ئەو بیرۆکەی تۆخکردەوە کە یەکێتی دەرقەتی ئەو بەرپرسە گەندەڵانە نایەت کە لە پێناو شەڕی ناوخۆ و مونافەسەی کوتلەگەرای دروستی کردووە ئێستا بوونەتە بار و گرانی بەسەر خودی یەکێتیەوەو بەمەش تەنها هاوڵاتیان و خەڵکانی بی ئینتیما باجی ئەو وەزعە نالەبارە دەدەن، ئەوەی لێرەدا دەمانەوی بە چەند بەشێك باسی بکەین گەندەڵی بەنزینخانەیەکە، پێموابی هەرچەندە نموونەیەکی بچوکە بەڵام ڕۆشنایەك دەبێت بۆ تاریکستانی کۆنەپارێزان کە نایانەوی ئەم واقیعە ڕیفۆرم بکری لەلایەکی تریشەوە بەهەڵماڵینی پەردەی بێویژدانی ئەم بەنزینخانەیەوە زیاتر بۆ هاوڵاتیان ڕوون دەبێتەوە، ئەوە مەسولەکانن خۆشی ژیان و زەوتکردنی مافەکان لە هاوڵاتیان ئیشی حیزبیانەی ڕۆژانەیانە، ئەم بەنزیخانەیە کە بەناوی چەند پێشمەرگەیەکی کۆنەوە دروست بووە لە چەمچەماڵ گەورەترین سەرچاوەیە بۆ گەندەڵی ئەم شارە ئەگەرچی بەنزینخانەکانی تریش حاڵیان باشتر نیە بەڵام باسکردنی بێسەروبەری و گەندەڵیەکانی ئەم بەنزینخانەیە تەنها لە چیرۆکی خەیاڵی دەچی (هەرزەکارێکی شەریکی حەوتەم لەم بەنزینخانەیە لەنێو کۆمەڵی برادەری دزی خۆیدا وتبووی بە بیانووی بەنزین ڕشتنەوە لە ماوەی تاکە ڕۆژیکدا چوار سەد هەزار دۆلارم دەستکەوتووە) چ مەهزەلەیەکە لەماوەی تاکە ڕۆژیکدا چوار سەد هەزار دۆلار، توو ویژدانتان دیکچینی بەرپرسی سەرجەم کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمەریکایە لە تاکە ڕۆژیکدا ئەوەندەی دەستدەکەوی، ئەگەرچی هەروەها ئەو قسەیەی لەخۆیەوە نەکردبوو وەکو دەرکەوت بەم دوایانەدا سەرجەم هەیکەلی ئیداری چەمچەماڵ کەوتە لەرزین لەترسی لەناوچوونی سەدان هەزار لیتر بەنزین لەو بەنزینخانەیە، خۆ ئەوانیش ناتوانن هیچ بڵین سەرۆکی شارەوانیە حاڵی لەوان باشتر نیە و قایمقامە ئێوە و.... خۆشبن!!! بەڕیوەبەری کارەبایە مەگەر تەنها فریای ناردنی سەرجەم کەرەستە کارەبایەکان بکەوێ بۆ ئاسو ئەڵمانی و بۆ پیاو باشی.... هتد ئەوەی خەڵکی چەمچەماڵی زیاتر نیگەران کردووە، لەدوایی حەپەلوش کردنی ئەو بڕە بەنزینەوە، تاکە پرسیاریك دەکەن، بۆچی ئیدارەی چەمچەماڵ دەیان سکاڵای گەندەڵی ئەم بەنزینخانەیەی دەچێتە لای و بێدەنگن و هیچ ئیجرائاتێکی یاسای ناکەن؟؟ زۆرێك لەشارەزایان و ڕۆشنبیران وەڵامی ئەم برسیارەیان لەلایە و سەرەڕای شەریکە بەشی دەیگێڕنەوە بۆ بوونی پشت و پەنای مەسئولێکی بەرزی یەکێتی، هەرچەندە دەلێن نازناوەکەی قۆستراوەتەوە و ئەو مەسئولەش چەندین جار ئاگاداریانی کردۆتەوە کە کۆڵ بدەن لە مژینی خوێنی خەڵك، بەڵام خەڵکی بەوە قەناعەت ناکەن و بەڵگەی زیاتری کارەکتەرە گەندەڵەکانی ئەم بەنزینخانەیەیان لایە و دەڵین ئەو ژمارە کۆنە

مەسئول و تازە بازرگانە لە زۆربەی شارەکانی گەرمیان خاوەن گەندەڵی و کاری نامرۆڤانەن، ، (جەلال مەنسووری) وەکو زۆربەی خەڵکی چەمچەماڵ دەڵیین خاوەنی یەکەمی بەنزینخانەکەیەو، یەکێکیشە لەدوای ئەنفال قۆڵی خیانەت و ڕاوەدونانی بوون بەتەواری و ئەمنی لی هەڵماڵیوە و دەیان کەس و کاری پێشمەرگە ئەو شاهیدیەی لەسەر دەدەن و خۆمیش وەکو چەمچەماڵیەك تا ئێشتا زیاتر لە زاری چەندین کەسم بیستووە باسی پاڵەوانیەتی جەلال مەنسوری کردووە، ڕۆژیك شۆفیرێ لەدوایی بەنزین وەرگرتن لەو بەنزینخانەیە هاتە ناو بازاڕو بە سودفە بینیمان وتی بڕواتان هەبێ کە دەچیتە ئەوی تا بەنزین وەردەگری وادەزانی دەچیتە مەعسکەر خالیدی کەرکوکی جاران سەرجەم دەستوو پێوەندەکانیان چاوەڕین تۆ داوای حەقی خۆت بکەیت و ئەوان پەلامارت بدەن.. لەبەشەکانی داهاتوودا نهێنی گەورەی خاوەن بەنزینخانەکە هەڵدەماڵین و بۆ ڕای گشتی و خودی مەکتەبی سیاسی یەکیتی ڕوون دەکەینەوە کە ئاوەها بارودۆخێکی گەندەڵ یەکێتی لە زیهنیەتی خەڵکیدا کردۆتە دیکتاتۆر، چونکە خەڵکی پێپیانوایە مەرج نیە دیکتاتۆربوون کوکردنەوەی هێزێکی زەبەلاح بێت و بەرببێتە گیانی خەڵکی، هەروەها لەبەشەکانی تری ئەم نووسینەدا پەردە لەسەر سەرجەم ئەو سەرمایەیە هەڵدەماڵین کە خاوەنەکانی ئەم بەنزینخانەیە کۆیان کردۆتە وە لە خۆێنی خەڵکیو ئەو مەسولە بەڕیزەش ئاگاداردەکەینەوە کە تاچەندە ناوی قۆستراوەتەوە بە هۆی پەیوەندی خزمایەتی و هاوڕییەتی خاوەنەکانی ئەم بەنزینخانەیەوە؟